# ئەنجامدانی نوێژە سونەتەکان لە سەفەردا

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# فعل النوافل في السفر

< كردي >

## فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئەنجامدانی نوێژە سونەتەکان لە سەفەردا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** ئایا نوێژە سونەتەکان لە سەفەردا ئەنجام دەدرێت؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن موستەحەبە مرۆڤی موسڵمان نوێژە سونەتەکان لەسەفەردا ئەنجام بدات، ئەمەش مەزهەب و ڕای قاسمی کوڕی موحەمەد و عروەی کوڕی زوبەیر وئەبو بەکری کوڕی عبد الرحمن و ئیمامی مالیك و ئیمامی شافعی و ئیمامی ئەحمەد و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیە .

ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتانە :

أن النبي صلى الله عليه وسلم كان يصلي النوافل على راحلته في السفر حيث توجهت به .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەسەر ووشترەکەیەوە کاتێك لەسەفەردا بووایە نوێژی سونەتی دەکرد .

عن أبي قتادة قال: أنهم كانوا مع رسول الله صلى الله عليه وسلم في سفر فناموا عن صلاة الصبح حتى طلعت الشمس فساروا حتى ارتفعت الشمس، ثم نزل رسول الله صلى الله عليه وسلم فتوضأ ثم أذن بلال بالصلاة فصلى رسول الله صلى الله عليه وسلم ركعتين، ثم صلى الغداة فصنع كما كان يصنع كل يوم [ رواه مسلم ] .

واتا : ئەبو قەتادە دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوون ( صلى الله عليه وسلم ) لەسەفەردا، خەویان لێکەوت و خەبەریان نەبوویەوە بۆ نوێژی بەیانی هەتاوەکو ڕۆژهەڵات و ڕۆشتن تاوەکو خۆر بەرز بوویەوە، ئەمجا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دابەزی لە ووشترەکەی و دەست نوێژی گرت، پاشان بلال بانگی نوێژی بۆدان، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دوو ڕکات نوێژی کرد، ودواتر نوێژی بەیانی بۆ کردن، هەرچی ڕۆژانی تر ئەنجامی دەدا، ئەو ڕۆژەیش ئەنجامی دا .

ڕووی بەڵگەکە لەودایە ئەو دوو رکاتەی کە کردی پێش نوێژەکە دوو ڕکاتی سونەتی نوێژی بەیانی بووە .

عن أم هانئ أن النبي صلى الله عليه وسلم " صلى يوم فتح مكة في بيتها ثماني ركعات ، وذلك ضحى" [ رواه البخاري ومسلم ] .

واتا : ئوم هانی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری مەککە لە ماڵی ئەو هەشت ڕکات نوێژی چێشت تەنگای کرد .

هەموو ئەم ڕیوایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی موستەحەبە لە سەفەردا ئەنجامدانی نوێژە سونەتەکان.

هەندێك تر لە زانایان دەڵێن: لە سەفەردا نوێژە سونەتەکان ئەنجام نادرێن، ئەمەش ڕا و مەزهەبی عەبدوڵای کوڕی عومەرە ( خوای لێ ڕازی بێت ).

تەنانەت ووتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە ووتویەتی: ئەگەر بێتو من نوێژی سونەت بکەم لەسەفەردا ئەوا نوێژەکانم کورت نەدەکردەوە، مەبەستی ئەوەیە خوای گەورە لە پێناو کارئاسانی بۆ موسافیران نوێژە چوار ڕکاتیەکانی بۆ کردون بە دوو ڕکات، جا کاتێك مرۆڤ دەستی نەگرت بەم ڕوخصەت و کارئاسانیەی خوداوە، ئەوا باشتر وایە نوێژەکانی وەك خۆی بکات و کورتیان نەکاتەوە ...

بەڵام ڕای پەسەند ودروستر ڕای جمهوری زانایانە لەبەر بەهێزی بەڵگەکانیان ..

خوای گەورەش زاناترە ..